# بڵندگۆ زیرەکەکە دەخولێتەوە



هەر رۆژە لە جیهانی دیجیتاڵیدا شتێکی نوێ دەکەوێتە بازار، ئەوەی بە دوای نوێگەراییدا دەگەڕێن، سپیکەری خولاوەی Beosound Edge جیاوازترین سپیکەرە.

کۆمپانیای Bang&Olfsen سیستەمێکی نوێی سپیکەر (بڵندگۆ)یان بەرهەم هێناوە کە وەك بازنەیەکی گەورە دەچێت و بۆ رێکخستنی دەنگی دەکرێت بۆ پێشەوە و پشتەوە بیسوڕێنیەوە.

تایبەتمەندییەکانی بڵندگۆکە ئەمانەن:

- خۆی بازنەیەکە تیرەکەی ٥٠,٢ سانتە.
- دەکرێت بڵندگۆکە لە دیوار بدەی.
- سیستەمی دەنگی سپیکەرەکە زۆر تایبەتە و بۆ رێکخستنی دەنگی دەکرێت لەسەر زەوی بیخولێنیەوە. کاتێك دەنگەکەی بە ویستی بەکارهێنەرکەی بوو، رایبگری.
- خۆی بڵندگۆکە هەست بە نزیکی و دووری بەکارهێنەرەکەی دەکات بۆیە بە ئەو مەودایە دەنگ کەم و زیاد دەکات.
- سیستەمی بلوتوسی هەیە و بەو هۆیەوە بە ئامێرەکانی دیکە پەیوەند دەدرێت.
- لەگەڵ ئینتەرنێتیش پەیوەند دەدرێت.

# لێنزە نوێیەکانی کلیپسی ئایفۆن١٠ بۆ گشت مۆبایلێک




لێنز (عەدەسە) نوێیەکانی کلیپسی کۆمپانیای olloclip تایبەتن بە ئایفۆن ١٠ و مۆبایلەکانی دیکە ناتوانن سوودی لێوەربگرن، بەڵام بەهۆی داهێنانی ئامێرێکەوە ئەم بەربەستە نامێنێ. ئامێری Multi-Device Clip کەبەرهەمی کۆمپانیای ناوبراوە، ئەو هەلە بۆ گشت مۆبایلێکی پێشکەوتوو دەڕەخسێنێ.

بەهۆی ئامێرەکەوە گشت ئەو کەسانەی کوالیتی کامێرای مۆبایلەکەیان کەمە، دەکرێت وێنەی زۆر جوان بگرن، وەك وێنەی ئایفۆن ١٠. بەکارهێنانی ئامێرەکە ئاسانە، چونکە بە ئاسانی لە مۆبایلەکە لە شوێنی لێنزەکە دەدرێت، نە تەنیا کامێرای پشتەوە بەڵکو لە کامێرای پێشەوەش دەدرێت.

# لاپتۆپێكی زۆر سەرنج راكێش و بە توانای زۆرەوە

لە پیشانگای ساڵانەی IFA ٢٠١٨دا، كۆمپانیای لینۆڤۆی چینی لاپتۆپێكی زۆر سەرنج راكێشی خستەڕوو ، لاپتۆپی جۆری Yoga Book C930 بەتواناگەلی جۆراوجۆرەوە، لاپتۆپێك كە لە دوو شاشەی جیا پێكهاتووە و هەركام لە شاشەكان بۆ مەبەستی تایبەتی بەكار دەهێندرێن و دەكرێت یەكێكیان وەك پادی وێنەكێشان یان كیبۆرد بەكار بهێندرێت.

لاپتۆپی ناوبراو، لەریزی داهێنانە نوێیەكان دێت، لە زۆربەی تەكنەلۆژییە پێشكەوتووەكان سوود وەردەگرێ. لەبری كیبۆرد لە شاشەیەكی لەمسی ناسراو بە E lnk سوود وەردەگرێ كە خێراترە لە كیبۆردێكی ئاسایی. سیستەمی ویندۆز١٠ی لەسەرە. ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوە.

هەروەك ئاماژەی پێدرا لە دوو شاشە پێكهاتووە، شاشەی سەرەكی ١٠,٨ ئینجە. قەڵەمێكی هۆشمەندی لەگەڵە. شاشەكەی دیكە كە شوێنی كیبۆردی گرتۆتەوە، وەك پادێكیش بۆ وێنەكێشان و نووسین و كاری گرافیكی سوودی لێدەبیندرێ. كێشی لاپتۆپەكە ٧٧٥٠ گرامە، رامەكەی چوار گیگابایتە، هاردەكەی ٢٥٦ گیگایە. باترییەكەی هەتا ٩ كاتژمێر شەحنی بە تەواوی دانابەزێ.



# كاتژمێری زیرەكی كاسیۆ بچووک و تەمەنێكی زۆر





كاسیۆ لە بواری بەرهەمهێنانی كاتژمێردا مێژوویەكی لەمێژینەی هەیە، دوای ئەوەی كاتژمێرە هۆشمەندەكان گشتگیر بوون، كۆمپانیای ناوبراویش رووی لە بەرهەمهێنانی كاتژمێری زیرەك كرد، نوێترین كاتژمیری زیرەكی كاسیۆش كاتژمێری WSD-F30یە. سیستەمی بەگەڕخەری WearOSی لەسەرە، گرنگترین بەشی كاتژمێرەكە دانەبەزینی شەحنیەتی. واتە هەتا سێ رۆژ شەحنی دانابەزێت. كاتژمێری ناوبراو سیتسەمی GPS ی لەسەرە و دەكرێت بەشێوەی ئۆفلاینیش سوودی لێوەربگیرێت. كاتژمێرەكە قەوارەی لەگەڵ كاتژمێرەكانی پێش خۆی بچوكترە، جگە لە نیشاندانی كات، هەستەوەری تایبەتی بە نیشاندانی پاڵەپەستۆی هەوا، بەرزایی و و زانیاریی سەبارەت بە جوگرافیای تێدایە.

لە ئاست بەركەوتن، كەوتنە خوار و ئاوتێچوون خۆراگرە، بۆیە دەكرێت بۆ هەموو شوێنێكی ببەی، سێ رەنگی، پرتەقاڵی، شین و رەشی هەیە.



# مۆبایلی چەماوە وەک بازن و کاتژمێر لەدەست دەکرێت

کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێرە دیجیتاڵییەکان لەمێژە هەوڵ دەدەن مۆبایلی زیرەکی چەماوە بەرهەم بێنن، سامسۆنگ بەڵێنی داوە لە ماوەیەکی نزیکدا مۆبایلێکی وا بەرهەم بێنێ، کۆمپانیایەکانی دیکەش هەرکام بە جۆرێک لەهەوڵدان، یەکێک لە کۆمپانیاکان بەڵێنەکەی خۆی هێناوەتەوە دی و مۆبایلی چەماوەی جۆری nubia-a هەم ستایل و هەم کارکردی جیاوازە لەگەڵ گشت مۆبایلێك، چونکە بەویستی بەکارهێنەرەکەی دەنووشتێتەوە، وەك کاتژمێرێکی هۆشمەند لەدەست دەکرێت و گشت تایبەتمەندی مۆبایلە پێشکەوتووەکانی هەیە. کامێرایەکی بەهێزی هەیە بۆ وێنەگرتن و فیلم هەڵگرتنەوە. هەروەها هەستەوەرێکی بۆ نیشاندانی گۆشەی گونجاو بۆ سەیرکردنی مۆبایلەکە هەیە. سیستەمی ئەنتەرنێتی پێشکەوتووی لەسەرە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن دەکرێت بە داخستنی لاپتۆپ لەکاتی هەڵبووندا بکوژێتەوە، مەبەستم ئەوەیە بە شۆت داون نەیکوژێنەوە و بەڵکو تەنیا بە داخستنی لاپتۆپەکە خۆی ئۆتۆماتیکی بکوژێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بچۆ سەر بەشی System ی کۆمپیوتەر و لەو بەشەدا کلیك لەسەر Power and Sleep بکە و پاشان Additional Power Settings کلیك بکە.

دوای ئەوە پەنجەرەیەك دەبێتەوە و لەو پەنجەرەیەدا کلیك لەسەر Choose What Closing the Lid Does بکە و دواتر بەشی Turn off Screen هەڵبژێرە، هەر لەو بەشەدا دەتوانی دیاری بکەی ئایا بە داخستنی دەرگای لاپتۆپەکە بکوژێتەوە یان کۆمپیوتەرەکە حاڵەتی سلیپ واتە خەوتن بێت.

# هواوی GPSێکی بچووک و فرە توانا بەرهەمدێنێ

زۆربەمان ڕۆژانە تووشی ئەو گرفتە دەبین کە کەلوپەلەکانمان لە دەرەوەی ماڵ یان لەکاتی سەفەرکردندا ون دەکەین و بۆ دۆزینەوەیان هەوڵێکی زۆر دەدەین، جار هەیە قەتیش ناتوانین بیاندۆزینەوە، بەڵام تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ئەمەش چارەسەری داناوە. GPS ی هواوی بۆ دۆزینەوەی کەلوپەلی ون بوو یەکێکە لەم ڕێگاچارانە.

ئامێرە بچووکەی هواوی بە سوود وەرگرتن لە ستاندەری پێشکەوتووی دۆزینەوەی وەك Galileo، GPS، GLONASS و Beidou بە ئاسانی و بێگیرفت کەرەسە ونبووەکان دەدۆزێتەوە.



ئامێری ئامادە بۆ کراو شوێنی سیمکارتی نانۆ یا e-sim ی هەیە تاکو لە هەر شوێنێك بە سوود وەرگرتن لە شەپۆلی تۆڕەکانی مۆبایل شوێنی کەلوپەلە ون بووەکە دەستنیشان بکات.




# وەرگێڕێکی سەرکەوتوو شارەزا بەسەر چەندین زماندا

ئەوانەی گەشت بۆ وڵاتان دەکەن، گەورەترین گرفت کە تووشی دەبن شارەزا نەبوونی زمانە، هەرچەندە بەهۆی مۆبایل و ئاپەکانی تایبەت بە وەرگێران تا رادەیەك ئەم گرفتە چارەسەر بووە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئاپێکی مۆبایل لە گەیاندنی مەبەست زۆر سەرکەوتوو نەبووە. جگە لە ئەپلکەیشنەکانی مۆبایل، ئامێری تایبەت بە وەرگێڕانیش هەن و هەندێك لەوان تارادەیەك سەرکەوتوون، یەكێك لە ئامێرە وەرگێڕە سەرکەوتووەکان، وەرگێری smark ، جگە لە وەرگێڕانی دەستەواژەو وشە گرنگەکان هەردوو زمان، لە رێگای ئینتەرنێتەوە دەتوانێت لە چوار خزمەتگوزاری وەرگێران بۆ نموونە وەرگێرانی گوگل سوود وەربگرێ.

ئەم ئامێرە بەسەر ٣٦ زماندا زاڵە، نەك زمانە فەرمییەکان بەڵکو لە وڵاتێکی وەك هیندوستاندا بەسەر زمانە هەرێمییەکانیشدا زاڵە.

(سمارك) شاشەکەی لەمسی هەیە و دوو مایك لە دوو لاوە و لەگەڵ سیستەمی بلوتوس، بۆیەلەبری ئەوەی مایکەکان هەڵبگری، دەکرێت لە رێگای بلوتوسەوە لەگەڵ ئامێرەکە لە پەیوەندی دابی.



## ماڵپەرێک وێنەکانتان دەکاتە کارتۆن

ئەگەر حەز دەکەی لە وێنەکانی خۆت و هاوڕێیانت وێنەی کارتۆنی دروست بکەی بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاری بێنی، پێویستت بە پرۆگرامێکە کە بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتبێ، هەرچەندە پرۆگرامی وەك فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن، بەڵام جار هەیە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هیچ پرۆگرامێك بۆ ئەم مەبەستە نییە، لەم کاتەدا سەر لە سایتی https://www.befunky.com/ بدە سایتێك کە تەنیا بۆ ئەم مەبەستە دروستکراوە، لەم سایتەدا لەسەرەتادا وێنەی مەبەست ئەپلۆد بکە، یان هەر بە وێبکەمی کۆمپیوتەرەکەت وێنە بکێشە و پاشان ئێفکتی تایبەت بە کارتۆنی بۆ وێنەکەت دابنێ.

## بەهێزترین پرۆگرامی ئارایش و میکاپ




ئەگەر بە دوای باشترین پرۆگرامی میکاپ و ئارایشدا دەگەرێی، گومانی تێدا نییە کە پرۆگرامی MakeupDirector لە ریزی باشترین پرۆگرامەکاندا دێت، پرۆگرامەکە بەو هەموو توانای کە هەیەتی و هەروەها جۆرەکانی کەرەستەی ئارایش کردن و پاڵتە جۆراوجۆرەکان بە دانانی ئەو وێنەی مەبەستە ئەنجامدانی ئەرکە پێویستەکانی تایبەت بەئارایش، کارێك دەکەی هیچ ئارایشگەرێك نەیکردێت. پرۆگرامەکە زیاتر تایبەتە بە ئافرەتان و دەتوانن ئەوەی مەبەستیانە بەر لەوەی خۆیان ئارایش بکەن ببینن و بە ئارایشگەر بڵێن بەم شێوەیان لێبکات. پرۆگرامەکە بۆ ئەوانەی کاری هونەری سینەما و فیلم دەکەن و هەروەها بۆ ئارایشگەر و وێنەگرەکان گرنگی خۆی هەیە.